# دوایین شیعر



خاڵەبەکر

(1) **لەزاری(....)**

**شەوانە،**
**تا،سایەی،کەنار،تاریک و ڕوونی کازیوەی عەشقت..،**
**لەبریی،شووشەیەک مەی..!**
**شووشەیەک،گوڵاوی گووڵە بەیبوونم ئەنۆشی،**
**گوڵە بەلقیسم ئەکرد بەکلۆ سەهۆڵی پێکەکەم و کەف و کوڵی سینەو دڵمم پێ ئەپۆشی..**
**ئەو دەمانەش**
**ترپەی دڵ و،هەست و نەست و خەیاڵ..**
**ناخیان پڕ ئەکرد،لەنەشئەو جۆش و خرۆش و جورعەی ئەبادو کەرنەڤاڵ**
**عەیارانە..**
**بەکەزیەی ئاڵۆسکاوی تازە ڕەشەوە..**
**بەرۆخ ئاونگی،بەژن و باڵای پێکەکەما،ڕێت ئەکردو،پێڵوەکانمت ئەکرد بەشانە**
**نەرم نەرم ..**
**بەئەسپایی..،**
**سۆلەکانی پێت،ئەخستە بن هەنگڵ و دەچویتە بەر هەیوانی گوڵە بەلقیسێکم،**
**بیلبیلەی پەپولەیەکی بەرێئمت ئەکرد بەئاوێنەو..**
**بەنازو عیشوەو لەنجەولارەوە،**
**کەزیەت پێ دائەهێناو لەمکیاجە خواکردەکەتت ئەڕوانی..**
**ئەوجـــــــــــــــــا..،**
**پەنجەیەکت کووڕ ئەکردو دەرگای ئەندێشەی خەون و خەیاڵمت ئەکوتی..**
**بەگەڕویەکی لاسارەوە..،**
**پێت ئەووتم..!**
**نەرمە گیان..**
**ئەی شۆرەسواری خەون و خەیاڵ و ژیان..**
**گوێ رادێرە**
**لەنزیکەوە هاتووم...**
**کیشوەری چەندین عیشقی دوورم گر تێ بەرداوەو دووی گێژەنی عیشقی هات ونەهاتت کەوتوم..**
**پێت ئەووتم..،**
**هاتووم..،**
**لەسایەی ئیقاعی ترپەی دڵ و ئۆرکسترای هەناسەیەکتا..،**
**بەکاوەخـــــۆ،**

بەکامی دڵ،
باسی عیشقت بۆ بکەم..،
پێت ئەووتم.،
نەرمە گیان..،
ئەم جارەیان..!
خەنەی خوێنت،
چەشنی گوڵاوی گووڵە بەیبوون..،
ڕۆنەکەیتە گوڵاوپرژێنی جەستەمەوەو..گەرەکمە،
بەدەستی خۆم،بەسەر جەستەما ڕۆی بکەم..
پێت ئەووتم..،
هاتووم تێم بروانیت..
کەچۆن مانگم وەک ماکسیەکی پەمەیی بۆکردویتە بەرو ئەستێرەم کردوە بەقردێلەی بان سەرم..
هاتووم.لەپێکەکەتا بتوێمەوەو هەناسەو ڕۆحم ئاویتەی هەناسەو ڕۆحت کەم ...
هاتووم،هەرچی عیشقی مەست و تەزیوی لەووە دەمە...
دیانماڵم لەبەر خۆما..،
هاتووم،بلێسەو مەشخەڵی بان لەپی دەستی ئەم عیشقە..،
کەلەبەرە نوتەکو تاریکەکانی نێو دڵت ئاوەدان و ڕۆشنکا
هاتووم،بتکەمە قیبلەو دڵم بکەم بەبەرماڵێک و ڕایبخەم لەبن پێتا
هاتووم پێکەوە دەستنوێژ بەو نامانە بگرین.
کە لەسایەی فرمێسکەکانمانا ئەخوسان و لەدڵ و دەروونی وێرانەی خۆمانا هەڵمان ئەگلۆفین ..
نەرمە گیان
لەنزیکەوە هاتووم ..
هاتووم..،
هاتووم.
شیعری (خواقەزاو گیانەکەم)( بۆ تۆش) بکەم بەهێماو سونبلی داهاتووم....

(2) **لەزاری (....)**

جوامێری ئەز..،
ئەی سوارچاکی مەیدانی جریت بازی چەلەنگ و نەبەز
هاتووم هەرچی لاوک و حەیرانی عیشق هەیە بۆ تۆی بچڕم..
هەرچی گوڵاوی گوڵە بەلقیس هەیە بەسەر ڕۆحی تۆیا بپرژێنم
پاشایێ ئەز..،
بەڵێن ئەدەم..،
ئەم عیشقەشم جوداتر بێت،
نەیگۆڕم و ئەبەدی بێت..!
دوورە پەرێزی هەوەس بازی بێت،
بەڵێن ئەدەم..،
هەردەم،
لەفەزای ئەندێشەو خەون و خەیاڵتا
وەک ئەستێرەیەکی عاری،عاری..،
بەبێ عاریی..،
لەئاسمانەکەتا بێم و بچم..

هەرچی پەڵە هەور هەیە ڕایسپێرم
لەبری باران..،
نمە گوڵاوی گوڵە بەلقیس بەسەرسەرتا ببارێنن
هاتووم بەبێ دەفی دەروێش زیکرو تەهلیلەت بۆ بکەم....
ئەو زیکرو تەهلیلەیەی،
کەبەگەورەیی بۆتە نوێژی بەیانیانت و لەمێژە خوازیارم بۆتی بکەم....
کەسی کەسم ...
بڕوا بکە،
لە تۆ زیاتر کەس ناناسم..!
گەر تۆ نەبیت من هەمیشە ووڕووو کاسم..
گیانی گیانم..،
ئەو دەمەی زەنگی باڵاگا بوون،لەناکاو خۆی دەکوتێتە نێو ئەندێشەم...
کوڕگەلی مەهابادو گەرمیان و کانی ئاسکان وەلا دەخەم....
چم،لەیاد نامێنێت و،هەر هێندەم پێ ئەوترێت بڵێم،ئەی پیاوی من،تۆم خۆش ئەوێت شێێێێێێێێێتانە ...
هەموو گیانم بۆ گیانت پڕ ووڕڕڕووووژانە..!!
ئەوەی پێشتریش،عیشق هێشتم کردبوون،
لە پێناوی عەشقی تۆدا وێڵم کردوون..!
ژینی ژینە..،
ژیانی ژینە..،
(بەگیانی تۆ قەسەم،گیانی تۆ،بۆ گیانی من،گیانێکی شیرینە
خەم ڕەوێنی دەردەکانمە،ئەم عیشق و ئەوینە)***
کەسی کەسم
زمان لاڵەو تواناm نیە چلۆن بدوێم..
گەر تۆ نەبیت ئەم ژینەی ژینە دۆزەخ دەبێت...
سازو تاری دەنگت نەبێت،هەردەم تەمەنی دوای چل ساڵیمی تیا دەبرژێت.....
وەدەرکەوە..!
ئەو شەوانەی دەنگت نەبێت لەسپێدەوە چاوەڕێتم ...
تا،کەرەم کەیت..!
سڵاوێک بکەیت و،بەخەندەو تریقەوە بەرەو ڕووت بێم،
سوخمەی گوڵنار بترازێنم
وەکو خونچە،
یەخەی سەوزی خۆمت بۆ دادرم..!
کەسی کەسم..،
من ژینەی تۆم،
هاوسەری تۆم،
ژیوانیش نیم لەواژۆم.
(لێشم گەڕێ،
چۆنم ئەوێت خۆشم بوێیت،
بەو ڕێگەیەی من ئەمەوێت.)***
***
2007/11/24